**Kurdistan Region Government**

**Ministry of Higher Education**

**And Scientific ResearchErbil Polytechnic University**

# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2023-2024

| | | |
|---|---|---|
| **College/ Institute** | پەیمانگەی تەکنیکی خەبات | |
| **Department** | بەشی کارگیری یاسایی | |
| **Module Name** | یاسای رێکارەکانی دادگاییکردنی سزایی | |
| **Module Code** | **ccp301** | |
| **Degree** | **Technical Diploma** * **Bachelor**<br>**High Diploma** **Master** **PhD** | |
| **Semester** | **3nd** | |
| **Qualification** | | |
| **Scientific Title** | **Assistant lecturer** | |
| **ECTS (Credits)** | **5** | |
| **Module type** | **Prerequisite** **Core** ı **Assist.** | |
| **Weekly hours** | **4** | |
| **Weekly hours (Theory)** | **( 2 )hr. Class** | **( ) Total hrs. Workload** |

| | | |
|---|---|---|
| **Weekly hours (Practical)** | **( 2 )hr. Class** | **( ) Total hrs. Workload** |
| **Number of Weeks** | **12** | |
| **Lecturer (Theory)** | **Tareq Namuq Hasan** | |
| **E-Mail& Mobile NO.** | Tareq.hasan@epu.edu.iq 07504657886 | |
| **Lecturer (Practical)** | **Tareq Namuk Hasan** | |
| **E-Mail & Mobile NO.** | Tareq.hasan@epu.edu.iq 07504657886 | |
| **Websites** | **https://epu.edu.iq/** | |
| **8. Teacher's academic profile**<br>پرۆفایلی مامۆستا | **هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەبواری یاسای گشتی لەزانکۆی سۆران (٢٠٢٠) بڕوانامەی بکالوریوس لەزانکوی جیهان (٢٠١٣ )، بەدەستهێنانی بڕوانامەی (IELTS)، هەروەها بڕوانامەی خولی پێداکوجی بۆ ماوەی شەش مانگ و خولی ئینگلیزی ماوەی (٦) مانگ لەسەنتەری زمانی زانکۆی پولیتەکنیك.**<br>**ئامادەکردن و بلاْوکردنەوەی توێژینەوە بەناوەکانی** (معوقات الاصلاح الاداري) و (الاخبار عن جرائم الفساد والضمانات القانونية لحماية المخبرين)، (معضلات مكافحة الفساد الاداري)، **بەشداری بەتوێژینەوەی** ( دور الخطاب الديني في تجسيد السلم والتعايش بين الشعوب) **لە کۆنگرەی میونخ لە ئەڵمانیا، پێشکەشکردنی سیمینار لەزانکۆکانی سۆران لەبارەی (بەربەستەکانی چاکسازی) و لەسەلاحەدین (دەربارەی ئەتەکێت و بەرجەستەبوونی لەبوارەکانی ژیان) و چەندین سیمینار لە پەیمانگای تەکنیکی خەبات و ڕێکخراوی حمو (تاوانەکانی نێودەوڵەتی لەبواری کلتور و ئاسەوار)، وەرگێڕان و راوێژ لەبابەتە یاساییەکان بەشداری خولی یاسایی بەناونیشانی** (المهارات القانونية في تطبيق النصوص المدنية والجزائية). | |

**9. Course overview:ناوەرۆکی گشتی کۆرس**

**ئەم کۆرسە کە تایبەتە بەیاسای بنەماکانیدادگاییکردنی سزایی تەواوکەرە بۆ بابەتی یسای سزادان کە هەردووکیان لەچوارچێوەی یاسای تاوانکاری جێگایان هەیە، ولەرووی ڕێکارییەوە دەقە یاساییەکان دەچنە بواری جێ بەجێکردن، قوتابی مرێگەی وەرگرتنی ئەم بابەتە دەزانێت شێوازی مامەڵە لەگەڵ تاوان وتاوانباران چۆنە بەپێی ئەوەی یاسا دیاریکردوە بەشێوازێك کەگەڵ بنەماکانی**

یاسایی وپرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان دەگونجێت ولەگەڵ بنەماکانی مافیش یەك دەگرێتەوە.

لەم کۆرسە چۆنیەتی پەیڕەوکردنی دادپەروەری وپاراستنی ئارامی کۆمەڵگە وجێ بەجێکردنی دروستی یاسا وسەپاندنی سزا بەسەر تاوانباران ورێگرتن لە سزادانی کەسانی بێ تاوان دەخرێنەروو، لەم بابەتە پەیوەندی یاساکە ورەچاوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ وئازادییەکانی لەدەستور ورێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان شرۆڤە وباس دەکرێن، بابەتی دادپەروەری رەنگدانەوەی دەبێت لەناوەڕۆکی یاساکە.

ئاشنابوون بەو رێکارانەی لەتاوانەکان پیادە دەکرێن بۆ گەیاندنی تاوانبار بەسزای شایستە بەوردی نەخشەی هەیە، پیادەکردنی ئەو نەخشەیە و وردبوونەوە لەهۆکارەکان وکۆکردنەوەی بەڵگە بەرێکاری دروست دەمانگەیێنێتە ئەو ئامانجەی کە لەپێناوی ئەو یاسایە دانراوە.

## 10. Course objective: ئامانجەکانی کۆرس

ئامانج لەم کۆرسە فێربوون وئاشنابوونی قوتابی بە:

١-پەیوەندی یاسای بنەماکانی دادگاییکردن بەیاساکانی تر.

٢- چونییەتی جولاندنی داوای سزایی

٣-چۆنییەتی نوسینی داوای سزای وپێداویستییەکانی

٤- شێوازەکانی کۆتایی هاتنی داوای سزایی

٥- ئاشنابوون بە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و بەدواداچوون.

٦- کۆکردنەوەی بەڵگە لەقۆناغی لێکۆڵینەوە

٧- شایەتیدان ومەرجەکانی

٨- بەڕێوەچوونی دادگای گریمانەیی

## 11. Student's obligation ئەرکەکانی قوتابی:

١. ئەرکی قوتابی بریتیە لەئامادەبوون لەکاتی دیاریکراو بۆ وانەکەورێزگرتنی کات بەو پێیەی دیاردەکرێت.
٢. گرنگیدان بە بابەتی خوێندن و رێز نواندن بۆ هاوپۆلەکان و پرۆگرامی خویندن.
٣. خۆئامادەکردن بۆبابەتەکەو ئەنجامدانی کویزەکان و هەروەها جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی بۆ ماڵەوە پێی دەدرێت.
٤. دورکەوتنەوەی قوتابی لەهەر هۆکارێك کە دور لەبابەتەکە سەرقاڵی بکات وەکو بەکارهێنانی موبایل و سەرقاڵبوون بەقسەکردن لەکلاس.

## 12. Forms of teaching ڕێگاکانی وانە وتنەوە

١-بابەتی مەنهەجەکە ( یاسای رێکارەکانی دادگاییکردنی سزایی)بە وانە دەخوێندرێ و لەگەڵ قوتابیاندا کفتوگۆی لەسەر دەکرێ و بە پراکتیکیش پێی ئاشنا دەکرێن

٢- سوود لە بەکارهێنانی تەختەی سپی وەردەگیرێ.

٣- بەکارهێنانی داتاشۆ بۆ نمایش کردنی بابەتی پێویست بەسلاید وپۆینتەر

٤- پراکتیزەکردنی دادگای گریمانەیی ونوسینەوەی داوا وشێوازی تانەدان لەبڕیار.

٥- سەردانیکردنی دادگاکانی سزایی.

**13. Assessment scheme** سیستەمی هەڵسەنگاندن

نمرەکانی ئەو بابەتە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت.

١٠ % نمرە ئەرکی ماڵەوە

٢ % **نمرە چالاکی ناو پۆل**

١٦ % نمرە سێمینار و دارشتن و **راپۆرت و پرۆژە**

٨ % نمرە کویز

٢٤ % نمرە تاقیکردنەوەی میدتێرم

٤٠ % نمرە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز

١٠٠% **نمرەی گشتی**

**14. Student learning outcome:** دەرئەنجامەکانی فێربوونی قوتابی

**قوتابی لەپاش تەواو بوونی کۆرس:**

**١- کۆنسێبت وبنەماکانی یاسای رێکارەکانی دادگاییکردنی سزایی لەلاروون دەبێت**

**٢- توانای پراکتیزەکردنی رێکاری مامەڵەکردنی لەگەڵ رەفتارە تاوانکارییەکان دەبێت**

**٣- هەروەها تێگەیشتنی ئەبێت بۆ بنەمای رێکارەکان**

**٤- شارەزایی پەیدا دەکات لەئاشنابوون و زانینی مادە و دەقە یاساییەکانی ئەم یاسایە**

**٥- توانای ئامادەبوونی بەردەم دادگای دەبێ بۆ پێشکەشکردنی داوا وبەدواداچوونی داوای سزایی**

**15. Course Reading List and References:** **لیستی سەرچاوەکان**

- Main references سەرچاوەی سەرەکی

**١- پوختەی شرۆڤەی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزای عێراقی (پ.ی.د سامان عبد الله)**

٢- شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية د.رزكار محمد قادر

**٣- یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣ ی ساڵی ١٩٧١ ) هەموارکراو**

٤- شرح قانون اصول المحاكمات الجزائية د.سعيد حسب الله عبد الله

٥- ضمانات المتهم قبل وأثناء المحاكمة د. عبد الستار سالم الكبيسي

٦- شرح قانون الاجراءات الجنائية المصرية د. فوزية عبد الستار

- Extra references **سەرچاوەی زیاتر**

**سەرچاوەئەلیکترۆنیەکان:**

https://law.uokerbala.edu.iq/wp

/https://law.uobabylon.edu.iq

## 16. Time table

| No. of Weeks ژمارەی هەفتە | Topics بابەتەکان |
|---|---|
| هەفتەی ١ | پێناسە و گرنگی یاسای بنەماکانی داگاییکردنی سزایی |
| هەفتەی٢ | سەرچاوەکانی یاسای بنەماکانی داگاییکردنی سزایی |
| هەفتەی ٣ | چوارچێوەی جێبەجێبوونی لەرووی شوین وکات |
| هەفتەی٤ | داوای سزایی |
| هەفتەی ٥ | ئامرازەکانی جولاندنی داوای سزایی |
| هەفتەی ٦ | کۆتایی هاتنی داوای سزایی |
| هەفتەی ٧ | قۆناغی بەدواداچوون و کۆکردنەوەی بەلگە |
| هەفتەی ٨ | قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی |
| هەفتەی ٩ | تانەگرتن لەقۆناغی لێکۆڵینەوە و رۆڵی داواکاری گشتی |
| هەفتەی ١٠ | شایەد پێناسە ومەرج و جۆرەکانی |
| هەفتەی ١١ | شارەزایی وپسپۆری پێناسە، پشکنین |
| هەفتەی ١٢ | رێکارەکانی دەرهەق بەتۆمەتبار ئامادەکردن- رێساکانی دەستگیرکردن - راگرتن |

## 17. Examinations: شێوازی پرسیاری تاقیکردنەوەکان

**نمونەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی وەرزی:**

**پ١- پێناسەی ئەمانەی لای خوارەوە بکە:**

**ا-یاسای تاوانکاری**

**ب- یاسای بنەماکانی دادگاییکردن**

**ج- داوای سزایی**

**د- داواکاری گشتی**

**پ٢- هێمای راست یان چەوت لەبەرامبەر هەریەکە لەمانەی خوارەوە دانە لەگەڵ دانانی وەڵامی دروست ئەگەر چەوتت هەڵبژارد.**

ا- تانەگرتن تەنها لەقۆناغی دادگاییکردن رێگە پێدراوە

ب-پاریزگاریکردن لەکۆمەڵگە لەمەترسی تاوان بەسەپاندنی سزا بەسەر بکەری راستەقینەی تاوان یەکێکە لەئامانجەکانی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی

ج- یاسای تاوانکاری تەنها لایەنی بابەتی دەگرێتە خۆ

د- مادەکانی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی پێك هاتووە لە (٣٧٣) مادە.

**پ٣- باسی پەیوەندی لەنیوان یاسای بنەماکانی دادگاییکردن و یاساکانی تر بکە**

**پ٤- گرنگییەکانی یاسای بنەماکانی دادگاییکردن بژمێرە وباس لەیەکێکیان بکە**

**وەلامی پرسیارەکان:**

**پ١/ا-بریتیە لە کۆمەلیك ڕێسای یاسایی کە مافی دەولەت بۆ سەپاندنی سزا دیاری دەکات, وە لە دوو لقی یاسا پێك هاتووە کە یاسای سزادان (قانون العقوبات) و یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (قانون اصول المحاكمات الجزائيە).**

**ب- کۆمەڵێ ڕێسای یاساییە کە ئەو ڕێکارانە دیاریدەکات کە پێویستن بۆ ئاشکراکردنی تاوان و زانینی ئەنجامدەرانی و چۆنییەتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا ودادگاییکردن و سزادانیان و دیاریکردنی ڕێگاکانی تانەدان لەحوکم وسەپاندنی سزا و دیاریکردنی ئەو دامەزراوانەی بەو کارانە هەڵدەستن.**

**ج- ئامرازێکە بەدەست کۆمەڵگا تیایدا داوا دەکرێت ڕێوشوێنی یاسایی لەدژی تاوانباران ئەنجام بدرێت ئەویش لەڕێگای دادگای تاوانی.**

**د- بریتیە لەدەسەلاتێك یاخود دامەزراوەیەکی تایبەتی سەربەخۆ پارێزەری کۆمەلگەیە بەمەبەستی هاتنە کایەی بەرژەوەندی گشتی و دادپەروەری لەرێگەی جێبەجێکردنی دروستی یاسا بۆیە هەڵدەستێ بە (جولاندنی) داوای سزایی و بەدواداچوونی بۆ دەکات تا دەرچوونی بڕیار وئەحکامی کۆتایی تێیدا.**

**پ٢/**

**ا- هەڵەیە . لەهەموو قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی داوای سزایی**

**ب- راستە**

**ج- هەڵەیە. لایەنی بابەتی و رواڵەتی هەیە**

**د- راستە**

**پ٣/**

**١- <u>یاسای دەستوری</u>: پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەیە بەوەی لەدەستور باس لەماف و ئازادییەکان دەکات و یاسای بنەماکانی دادگاییکردنیش پارێزگاری لەو مافانە دەکات لەکاتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی سزایی.**

**٢- <u>یاسای سزادان</u>: یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ئامرازێکە بۆ بەسزا گەیاندنی تاوانبار بەپێی دەقەکانی یاسای سزادان.**

**٣- <u>یاسای دادبینی شارستانی</u>: ئەم یاسایە باس لەرێکارەکانی دادگای شارستانی (مەدەنی) دەکات، بەلام یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی پەیوەستە بە رێکارەکانی داوای سزایی.**

**یاسای دادبینی شارستانی (قانون المرافعات المدنيە) ژمارە (٨٣ ی ساڵی ١٩٦٩) بەدایکی یاساکان دادەنرێ بەوەی یاساکانی تر دەگەڕێنەوە سەر مادەکانی لەکاتی نەبوونی دەق بۆ هەر ڕێکارێك.**

پ٤/

١- ئەم یاسایە دەقەکانی یاسای سزادان دەجوڵێنێت واتا لەحاڵەتی نەجوڵان بۆ حاڵەتی کارکردن دەیانگوازێتەوە.

٢- بەدیهێنانی ئامانجێکی گرنگ بۆ کۆمەڵگا ئەویش دەستگیرکردن وسزادانی تاوانباران، لە هەمان کاتدا یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی گرنگ بۆ تاکەکەس ئەویش قەدەغەکردنی سزادانی بێ تاوان.

٣- یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی (اصول المحاكمات الجزائيه) کۆمەڵێك بنچینە و ڕێسا دەگرێتەخۆ کە لەبنەڕەتدا دەرچوونە لە ماف و ئازادیەکان، بۆ نمونە دەستگیرکردن یان پشکنینی ماڵ ...هتد.

بەڵام ئەم دەرچوونە بێ پاساو نیە، بەڵکو پێویستە بۆ ئاشکراکردنی تاوان و دەستگیرکردنی تاوانباران وسزادانیان.

**20. Peer review** پێداچوونەوەی هاوەڵ

دوای پێداچوونەوە بۆ بابەتی (یاسای ڕێنماییەکانی دادگاییکردنی سزای بۆم دەرکەوت ئەوەی ڕێنماییەکانی تێدایە

دەست خۆشی لێدەکەم

هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم

د/ عبدالکریم عثمان محمدامین